کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-7-2007 18:46بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کارەساتێکی دڵتەزێن**

بەداخ وپەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی براو هاوڕێ ی خۆشەویستمان کاکە (ئەمین حسین مستەفا ڕەواندزی) ناسراو بە (ئەمین ڕەواندزی) تان پێڕادەگەیەنین. کە شەوی 18 لەسەر 19 ی تەموزی 2007 لە نەخۆشخانەی گشتی شاری غانسی وڵاتی فەرەنسا دوای دوو ڕۆژ ململانێی سەخت لەگەڵ مەرگ کۆچی دوایی کرد.



کاکە ئەمین وەک پەنابەرێکی کورد لەساڵی 2002 وە لە شاری غانسی وڵاتی فەرەنسا دا ئە ژیا زیاتر لە 5 ساڵ چاوەڕوانی بۆ مافی نیشتەجێ بوون دوو هەفتە بەرلە ئێستا مافی نیشتەجێ بوون و گرێبەستێکی هەتا هەتایی کارکردنی وەرگرت بوو بەهاوکاری خاوەن کارێکی فەرەنسی بۆ کاری بۆیەکردنی ساختمانی گەورە بەداخەوە دوای تێپەڕ بوونی 10 ڕۆژ بەسەر گرێبەستەکەیدا لە بەرزایی 6 مەتر دەکەوێتە خوارەوەو دوای بە پەلە گەیاندنی بە نەخۆشخانەوە کۆبونەوەی هاوڕێ وبرادەرەکانی لەدەوری هەرچی پێویست بوو بۆی کرا، بەڵام بەداخەوە دیسانەوەش مەرگ بەزەیی بە ئاوەرەیی و غەریبایەتی کاکە ئەمین و برادەرانی دا نەهاتەوەو چاوەگەشەکانی کاکە ئەمین بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لێکردین.

کاکە ئەمین نمونەی گەنجێکی دەستپاک و بەئەمەک بوو هەرگیز خیانەت وکاری نابەجێی نەئەناسی، لە هەموو تەمەنی ژیانی لە دەرەوەی وڵات بۆ یەک ڕۆژیش بیری لە خۆشی ژیانی خۆی نەئەکردەوە هەمیشە دڵ وگیان و جەستەی لەکوردستان و لای کەس وکار بوو، هەمووی چەند مانگێکی کەم کاکە ئەمین هەواڵی کۆچی دوایی دایکە دڵسۆزو میهرەبانەکەی لە کوردستانەوە پێگەیشت، کاکە ئەمین کوڕی پیاوێکی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕی گوندی ئاکۆیانی ناوچەی ڕەواندزە خۆشەویستی باوک ودایک وبراو خوشک و هەرکەسێک بوو کە بۆ یەک سات کاکە ئەمینی بناسیایە، بەڵام ئایە مەرگ گوێ لە هەموو ئەمانە دەگرێت، ئایە مەرگ ئەوە ئەزانێت کە هاوڕێ و براکانی غەریبایەتی بۆ هەتا هەتایە هاوڕێ خۆشەویستەکەیان لەبیر ناچێت.

بەناوی سەرجەم هاوڕێ و خۆشەویستانی کاکە ئەمین پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی باوک و براو خوشک و سەرجەم کەس وکاری کاکە ئەمین ئەکەین خوا سەبوری گشت لایەکمان بدات هاوکات داوای هاوکاری و کۆمەکی گشت کوردێکی دڵسۆز ئەکەین بۆ ناردنەوەی تەرمی خوا لێخۆشبوویان بە شایستە ترین شێواز، هاوکاریتان جێگەی ڕێزو پیزانینە.

بۆ هەر هاوکاری زانیاری و پێداویستیەک پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفۆنەوە: 0033631029416 یان 0033954953837

لەڕێگەی مامۆستا یوسف کانی مارانی و هاوڕێ وهەڤاڵەکانیەوە کاری ناردنەوەی تەرمی پیرۆزیان جێبەجێ ئەکرێت. وە بۆ ناردن و ڕەوانە کردنی هەر کۆمەکێکی مادی ئەتوانن لە ڕێگەی ئەو ژمارە حسابی بانکیەوە هاوکاریمان بکەن25 FR27 10011 00020 1062276385V :

هاوڕێ وخۆشەویستانی کاکە ئەمین ڕەواندزی لە شاری غانس وڵاتی فەرەنسا / 2007/07/19

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.